شیعر



سەلاح شوان

# غەریبی



تا ڕوو لە ئێوەی قیبلەکەم، نەکەم
خەوم لێناکەوێ
بە درێژایی غەمی بەفراویی شەوانم، چاوەڕوانم
کەی خۆر هەڵدێ، هەندێ لە ڕەنگی ئاسمانە
چاو جوانەکەی ئێوەم بە دیاریی بۆ دێنێ
بە دەم خەو و بە دەم مردنیشەوە هەرگیز
پشت لە ئێوەی ئازیز ناکەم
ڕووە و ئێوە  بابمنێژن، (لەسەر ئەم عەشقە گەر ماوم)
کێ بیستوویەتی: داربەڕوو ڕەگوریشەی خۆی جێبهێڵێ؟
کێ بیستوویەتی:
پیر مەیخانە،
ماسی ڕووبار،
ئەستێرە ئاسمان جێبێڵێ؟
من ڕەگوڕیشەم لەوێیە..
لە شادەماری خاکەکەی (یەزدانەوە)

خوێن بە جەستەمدا ئەگەڕێ
من پەڕوباڵی وەریو و هەڵکرووزاوی تەمەنم
لە بن گوێسوانە دووکەڵاوییەکانی ئەوێدا
جێهێشتووە
من ڕووحم لەوێ، لای ئێوە
بە ئەمانەت جێهێشتووە، تادێمەوە
ئەی نابینن
لە زەردەپەڕدا گشت ڕۆژێ
کازیوەی ڕووحێکی تەریو
تەوفی (قەلا) ی سەرتان ئەکا
دەست بۆ هێلانەی خۆر ئەبات
لە چاوی ئازیزانیدا، لە ڕۆشنایی خوا ئەگەڕێ؛
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە پەڕ شاردا
کەپرێکی پەڕپووت بە چۆڵی جێهێڵراوە
شەوانە مۆمێکی کزی تێدا ئەسووتێ
ئەوە گیانی ماندووی منە
لە نزیکی ئێوە نەبێ
ئۆقرەی نییە
ئەی نابینن
لە گشت کۆڕ و ئاهەنگێکتاندا جگەرەی
دڵێکی خەمخۆر بە بێدەنگ
کز ئەسووتێ و
هەناسەی سارد و سووتانی
هۆڵەکەتان پڕ لە
حەسرەت و
ئومێد و



عەشق ئەکات
ئەوە
منم
ئەی نابیستن
پێش ئەوەی ئێوە چاوانتان بچێتە خەو
کشەی باڵی سیمرغێ دێ
ماڵەکانتان لە مۆتەکەی
مەرگ و بەڵا پاس ئەکات و
ئەپارێزێ
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە گۆشەیەکی تاریکی مەیخانەکانی ئەوێدا
مێزێکی چۆڵ بە تەنیا جێهێڵراوە
ئەوە منم
لەگەڵتاندا ئەخۆمەوە
لەگەڵتاندا ئەگریم و پێئەکەم و سەر خۆش ئەبم
لە بیرم مەکەن، سبەینێ لەگەڵتاندا دێمە سەیران
جێم مەهێڵن
من ئێوەم جێنەهێشتووە و
قەت ئەو خاکە جێناهێڵم
ئەو خاکەی کە:
ڕووحی شیعرەکانیمی لێیە
ئەو خاکەی کە:
گۆڕی ئازیزانمی لێیە
بەیانیان زوو – گەر سەرنج دەن –
لە گۆڕستانەکەی پایین شاردا تەمێک
تەمێکی باڵا بەرزی سەرسپی
بە سەر گۆڕێکی بێنازی لاپەڕدا چەماوەتەوە



ئەگری و نوێژ ئەکا و
شیعر ئەڵێ
ئەوە منم
ئا لەوێدا بستێ خاکم بۆ جێبێڵن
من دێمەوە
دێمەوە من
لەگەڵ هەوری پڕ لە تاسەی ئاوارەکاندا دێمەوە
لەگەڵ تیشکی خۆر لە زەردەی هەموو غەمێکدا دێمەوە
لەگەڵ خرمەی گەڵارێزانی دوا شیعر و
شاعیرە ناهومێدەکاندا دێمەوە
لەگەڵ رووحە سەر سپییەکاندا دێمەوە
هەر بەفرێکی
پەڕ و باڵی هەڵوەریوی فریشتەیەکتان لێباری
بە پشکۆی فرمێسکێک یادم بکەنەوە
هەر بارانی عەشقێکی پڕ نامرادیتان لێباری
(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە)(١) بخوێننەوە
هەر کزە بای (غوربەتکەش و عاجز) ێ دای
لە رووی زەردی برسێتیتان
هەر گڕەی سۆزی غەریبیی
پیرێکی ئاخر شەڕ خۆی کرد بە باخەڵتاندا
بیرتان بێ: ئەوە منم
یاخوا خەمتان لە من کەوێ ،
سەد لە شکری عەرەب و تورک و عەجەمان
لە دەوری ساتێکتان گەڕێ
بیرتان ئەکەم
سەد دکتاتۆری ملهوڕ و ئاخوندی گێل و گەمژەتان
بە قوربان بێ
بیرتان ئەکەم

سەد کۆشک و تەلاری تازە و
هەزاران ئوتێلی بەرزی پڕ چلچرا و سەما
بە قوربانی خانووە قوڕێکی ئۆردوگا و
گوندە ڕووخاوەکانتان بێ
هەر چیی گۆرانیی جرپن و
سەمفۆنیای لە هەزار نەزمەی ئێرە هەیە
بە قوربانی ساتێ سۆزی سەر خۆشیی (بێگەرد)(٢) و(خولێ)(٣)
بیریان ئەکەم
یاخوا دەرد و بەڵای ئێوە
یاخوا برسێتی و سەرماتان لە من کەوێ
یاخوا چی فیشەکی وێڵتان هەیە هەمووی لە من کەوێ
من ببمە بەڵاوەگێری شەڕی برا کوژیتان
من، بیرتان ئەکەم
یادتان ئەکەم، بە یادی ئێوەوە ئەژیم
هەر دێمەوە
لەگەڵ یەکەم دەسکە نەرگزی دەستی کچۆڵەکاندا دێمەوە
لەگەڵ (دەستەی هەڵپەڕکێی باڵا بەرزانا) دێمەوە
بۆ سەر شایی و سەیران و سەیرانگاکانی
(کچانی خوا) و کوڕانی ئێزدگایاندا
دێمەوە

(١) ناونیشانی کۆشیعری شاعیرە.
(٢) ڕەووف بێگەرد.
(٣) مەحمود زامدار.